**زانکۆ .... سەلاحەددین**

**کۆلێژ .... ئاداب**

**بەش........مێژوو**

**بابەت ..... مێژووی خیلافەتی عەبباسی (١٣٢-٦٥٦ک/٧٤٩-١٢٥٨ز)**

# پەرتووکی کۆرس: قۆناغی سێیەم/لقی مێژووی کورد

**ناوی مامۆستا: د.کەوسەر اسماعیل حسین**

**ساڵی خوێندن: 2202-2023**

# پەرتووكی كۆرس
# Course Book

| | |
|---|---|
| 1. ناوی كۆرس | پەرتووكی كۆرس<br>Course Book<br><br>مێژووی خیلافەتی عەبباسی (١٣٢-٦٥٦ك/٧٤٩-١٢٥٨ز) |
| 2. ناوی مامۆستای بەر پرس | كەوسەر اسماعیل حسین |
| 3. بەش/ كۆلێژ | مێژوو / ئاداب |
| 4. پەیوەندی | Kawther.huseein@su.edu.krd<br>0750 4778823 |
| 5. یەكەی خوێندن (بە سەعات) لە هەفتەیەک | 6كاتژمێر لەهەفتەیەكدا |
| 6. ژمارەی كاركردن | **ئامادەبوونی مامۆستای وانەبێژ بۆ قەتابیان لەماوەی هەفتەیەكدا : مامۆستا هەفتەیەک سێ رۆژ بۆ قوتابیان بەمەبەستی وانەوتنەوە و دوو رۆژی دیكە بۆ سمینار و تێژینەوەی دەرچوونی قوتابیان.** |
| 7. كۆدی كۆرس | |
| 8. پرۆفایەلی مامۆستا | ناو : كەوسەر اسماعیل حسین<br>ژمارەی مۆبایل : 0750 4778823<br>ئیمیل : kawther.huseein@su.edu.krd<br>تێزی دكتۆرا: لەپسپۆری مێژووی ئیسلامی بەناونیشانی (الثغور و دورها السياسي والحضاري في عهد الملک العادل والملک الكامل الايوبي).<br>بروانامەی ماستەر لەمێژوی ئیسلامی/ زانكۆی سەلاحەددین/ كۆلێژی ئاداب/ بەشی مێژوو (الحياة الاقتصادية والاجتماعية في اقليمي اذربيجان واران خلال القرنين الرابع والخامس الهجري).<br>بڕوانامەی |
| 9. وشە سەرەكیەكان | خەلیفە، عەبباسیەكان، میری میران، بوەیهیەكان، سەلجوقیەكان.... |

**10. ناوەرۆكی گشتی كۆرس:**

**لێرە** مامۆستای وانەبێژ باس لە كۆرسەكە دەكات بە شێوەیەكی گشتی كە پێویستە ئەم خاڵانەی خوارەوە بگرتەوە:

گرنگی خوێندنی كۆرسەكە (بابەتەكە)

تێگەیشتنی چەمكی سەرەكی كۆرسەكە

بنەما وبیردۆزی كۆرسەكە

زانینی تەواو بە لایەنە گرنگیەكانی بابەتەكە

زانین وتێگەیشتنی پێویست بۆ دابین کردنی هەڵی کار

**مێژووی خیلافەتی عەباســـی (132-656ك/749-1258ز) بەیەکێك لەماوە مێژوویییەگرنگ و دیارەکانی مێژووی ئیسلامی هەژماردەکرێت لەڕووی سیاسی وشارستانییەتەوە، کەنزیکەی پێنج سەدەو چارەگە سەدەیەك فەرمانڕەوایەتی سنورێکی فراوانی جیهانی ئیسلامیان کردووە ، کە چەند هەرێم وناو چەی جیاجیای گرتبووەخۆی،کەلەئەنجامی بانگە شەیەکی سیاسی ئاینی رێکخراو کەزیاتر لەچارەگە سەدەیەکی خایاند وتوانیان لەژێرناوی عەباسی مامی پێغەمبەر(دروودی خوای لێ بێت) فەرمانڕەوایی دەولەتی ئومەوی بەکۆتابهێنن.**

**لەڕاستیدا بەگرتنەدەستی دەسەلاتی سیاسی لەلایەن عەباسیەکان گۆڕانکاری سیاسی وکۆمەلایەتی وشارستانیەتی گەورە ودیار لەجیهانی ئیسلامی روویاندا. ماوەی فەرمانڕەوایەتی عەباسی بەچەند چاخێکی جیاواز گوزەری کردووە، کەچاخی یەکەمی لە (132-232ك/749-847ز) بەردەوام دەبێ کەبەچاخی بەهێزی وگەشەی سیاسی وشارستانی وپێشکەوتن وبنچ وبەستکردنی دەسەلاتیان وسەربەخۆییان دادەندرێت ، و رەگەزی فارس لەم چاخەدا پێگەیەکی دیاروبەرزیان لەدەوڵەتدا هەبوو ، بەدەستڕۆیشتووی زۆریان وکاریگەریان لەئاراستەکردنی سیاسەتی خیلافەتدا هەبوو لەزاڵبوونی کارگێری سەربازی بەسەر بەغدا وهەرێمەکانی تردا .**

**دواتر چاخی عەباسی دووەم (232-334ك/847-946ز) کەبەخیلافەتی المتوکل دەستپێدەکات وبەخیلافەتی المستکفی باللە بەکۆتادێت ، و ئەوماوەییە خیلافەت بەلاوازی و کەوتنی شکۆی دادەندرێت ،کەچەند قەوارەیەکی سیاسی جوداخواز لە عێراق ومیسر وشام دروست بوون، وتورکەکانیش دەسەلاتیان لەزیادبوون دابوو،و پۆستی( میری میران) داهێنرا کەدەسەلاتێکی ڕەهای هەبوو هەرچەندە لەناوەڕاستی سەدەی سێ یەمی کۆچی خیلافەت بۆجارێکی تر بوژانەوەیەکی تر بەخۆیەوە دەبینێت.**

**پاشان چاخی عەباسی سێ یەم دەسپێدەکا کە بە زاڵدەستی و قەڵەمڕەوی بوەیهیەکان ناسراوە (334-447ك/946-1055ز) بەتەواوی دەسەلاتی کرداری سیاسی کەوتە دەست بویهیەکان کەشیعە مەزهەببوون وخەلیفە جگە لەدەسەڵاتێکی ئاینی بجووك هیچی تری لەدەسەلاتدانەمابوو.**

**چاخی چوارەمی عەباسی (447-656ك/1055-1258ز)ماوەی قەڵەمڕەوی سەلجوقیەکانە کەشوێنی بویهیەکان دەگرنەوە کە جیاوازبوون لە بویهیەکان لەپەیوەندیەکانیان لەگەڵ خەلیفەکان ورێزیان بۆ پێگەی خەلافەت هەبووبەهۆی سوننەمەزهەببوونیان، وسوڵتانەبەهێزەکانیان ڕۆلی کاریگەریان گێراوە لە پێشهات و ڕووداوەکان بەگشتی .دوای ئەمەش لەسەردەمی خەلیفە (المسترشدباللە)ەوە، خیلافەت توانی چەنددەسەلاتێکی کرداری بگێرێتەوە وپێگەی بە بەهێزی دەربکەوێتەوە تاکەوتنی بەغدا ڕووخانی خەلافەت بەدەستی مەغۆلەکان لەساڵی(656ك/1258ز) بەم شێوەیە مێژووی عەباسی کۆتایی دێت .**

**شارەزا بوون لەم مێژووە بۆ قوتابی وادەکات لەژیانی کرداری سوود لە خاڵەخراپ و لاوازەکان و بەهێزوباشەکانی ئەم مێژووە وەربگرێت، بەتایبەتی لەرووی شارستانیەتیەوە کە گەیشتبوو بە لووتکەی گەشەسەندووی ، جگە لەلایەنی سیاسی و پەیوەندیەکانی ئەم دەوڵەتە بە ئیمپڕاتۆریەتی بێزەنتی و جیهانی ئەوروپا.**

**11. ئامانجەکانی کۆرس**

1- تێگەیاندن وئاشـناکردنی قوتابیانی بەرێز بەسـەرجەم لایەنە سـیاسـی وشـارسـتانیەتیەکانی مێژووی خیلافەتی عەباسـی و کەسـایەتی خەلیفەکان وسـیاسـەتی نێوخۆ ودەرەوەیان وجەجت کردنەوە لەسـەر کارو رۆڵە باش و یان خراپە کانیان و گۆرانکاریەکانی سەردەمی فەرمانڕەوایەتیان بەگشتی .

2- لێکدانەوەی ڕووداوە مێژووییەکان وملمڵانێ یە سـیاسـی وسـەربازیەکان لەناوە خۆو دەرەوە لەگەڵ هێزو بزاڤە نەیارەکانی خیلافەت ، وبەدیارخسـتنی لایەنەچـاك وخراپەکان لەسـەرجەم بوارەجیاجیاکاندا ، بەتایبەتی دەسـت نیشـان کردنی هۆکارەکانی ئەم ململانێیە لەنێوان دەوڵەتی عەباسـی و هێز و بزاڤ و کەسـایەتیەکانی نەیار بە خیلافەت .

3- ڕوونکردنەوەو گەیاندنی ئەو زانیارییانەی کەبەگۆڕانکاری کۆمەڵایەتی وسـیاسـی و ئابوری دادەندرێت لەم مێژووە ، بەهۆی ڕۆلی سـیاسـی وسـەربازیانەی ڕەگەزی ناعەرەبە گێڕاویان وەکو تورکەکان و بوەیهیەکان و سـەلجوقیەکان بەحوکمی پێگەی بەهێزیان یاخود زاڵدەست بوونیان بەسەر خەلیفەکان و خیلافەت .

4- هەوڵدان بۆ سوودوەرگرتن لەمێژووی عەباسی بەگشتی وبەستنەوەی بەواقیعی سیاسی وشارستانیەتی هەنووکە لەپێناو کرانەوەی بیرو هۆشی قوتابی بەرچاو رۆشنبوونی زیاتریان، چونکە مێژوو بۆ پەندو سوود وەرگرتنە لەڕابردوو بۆئێستاو داهاتوو.

**12. ئەرکەکانی قوتابی**

ئەرکی سەرەکی قوتابی لەم وانەیەدا ئەنجامدانی چالاکی ئەکادیمی و کارکردن بە گروپ، قوتابی بەرپرسە بە ئامادەبوون لە وانەکان هەروەها تۆمارکردنی تێبینی و سەرنجەکانی لەکاتی وانەکانی رۆژانە، هەروەها بەرپرسە لەهەڵبژاردنی بابەت بۆ ئامادەکردنی راپۆرت لەسەر بابەتێک و پێشکەشکردنی سیمینار لەناو پۆلدا، هەروەها بەرپرسە لەئامادەبوونی لەکاتی تاقیکردنەوەکان.

**13. ڕێگەی وانە ووتنەوە**

وانەکان بەشیوازی تێۆری دەوترێتەوە بەپشت بەستن بە بەکارهینانی داتاشۆ و پاوەرپۆینت و تەختەی سپی هەروەها وتوێژ و کارکردن بەکۆمەل و چالاکی کرداری.

**14. سیستەمی هەڵسەنگاندن**

لێرە مامۆستا جۆری هەڵسەنگاندن (تاقیکردنەوەکان یان ئەزموونەکان) دەنووسێت بۆ نموونە تاقیکردنەوەی مانگانە، کویزەکان، بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە (پریزەنتەیشن)، ڕاپۆرت نووسین، ووتار نووسین یان ئامادەنەبوونی خوێندکار لە پۆلدا...هتد. ئامانە چەند نمرەی لەسەردەبێت و مامۆستا چۆن نمرەکان دابەشدەکات؟

نمرەی ١٠% تاقیکردنەوەی یەکەم

نمرەی ١٠% تاقیکردنەوەی دووەم

نمرەی ١٠% کویزەکان

نمرەی ١٠% چالاکی ناوپۆل و سمینار

**15. دەرئەنجامەکانی فێربوون**

پڕکردنەوەی ئەم خانەیە زۆر گرنگە، مامۆستا دەرئەنجامەکانی فێربوون دەنووسێت. بۆ نموونە: ڕوونی ئامانجە سەرەکیەکانی کۆرسەکە (بابەتەکە) بۆ خوێندکار

گونجاندنی ناوەڕۆکی کۆرسەکە بە پێویستی دەرەوە و بازاڕی کار
قوتابی چی نوێ فێردەبێت لە ڕێگەی پێدانی ئەم کۆرسەوە؟
ئەمە لە ١٠٠ وشە کەمتر نەبێت

**لەڕاستیدا ئامانجی سەرەکی لە خوێندنی مێژووی عەباسیدا ، هەڵوێستە کردنە لەسەر تەواوی رووداو پەرەسەندنەسیاسی و شارستانیەتەکانی ئەم دەوڵەتە ، تا قوتابی تێبگا و بزانێت رووداوەکان چۆن ؟ روویانداوە و هۆکارەکانی پشت رووداوەکان چین ؟ وەستان لەسەر هەڵە مێژووییەکانیان بەتایبەتی سیستەمی سیاسی کە پشتاو پشت بووە لەم دەوڵەتە کە بووتە هۆی چەندین ناسۆری و ئاژاوەو کوشتنی خەلیفەکان و پەشیوی سیاسی و سەبازی ..هتد ، لەهەمان کاتدا ئامانجێکی زۆر گرنگ و پڕ بایەخ لە مێژووی عەباسیدا دەبێت سوودی لێوە ببینێت خودی قوتابی ئەویش ئەو پێشکەوتنە شارستانیەتیە یە کە لەهەموو لایەنەکاندا لە ئابوری و کارگێری و ئاینی و کۆمەلایەتی و هزری و رۆشنبیری ..هتد بەدەست هاتووە ئامانج لەم هەڵوێست کردنە بۆ ئەوەیە تا قوتابی هەوڵبدات بۆ سوودوەرگرتن لەمێژووی عەباسی بەگشتی وبەستنەوەی بەواقیعی سیاسی وشارستانیەتی هەنووکە لەپێناو کرانەوەی بیرو هۆشی قوتابی بەرچاو رۆشنبوونی زیاتریان، چونکە مێژوو بۆ پەندو سوود وەرگرتنە لەڕابردوو بۆئێستاو داهاتوو و وودبونەوەی زیاتر تا بتوانێت لەخزمەت لایەنە جیا جیاکانی ژیانی وولاتەکەیدا سوودی لێ وەربگرێت .**

**16. لیستی سەرچاوە**

- سەرچاوە بنەڕەتیەکان
- سەرچاوەی سوودبەخش
- گۆڤار و ریڤیوو (ئینتەرنێت)
- **چەند سەرچاوەو ژێدەرێکی تایبەت بەم بابەتە :**


- ابن قتيبة :الامامة والسياسة
- الدينوري :أخبارالطوال
- اليعقوبي :تاريخ اليعقوبي
- الطبري :تاريخ الرسل والملوك
- ابن الكازروني :مختصرالتاريخ من أول الزمان الى منتهى دولة بني العباس
- ابن الاثير :الكامل في التاريخ(بەكوردی هةية)
- خليفة بن خياط: تاريخ خليفة بن خياط
- ابن الجوزي :المنتظم في تاريخ الملوك والامم
- ابن خلكان :وفيات الاعيان وأنباء أبناء الزمان
- البيروني :الاثار الباقية في القرون الخالية
- ابن كثير :البداية والنهاية
- الخطيب البغدادي :تاريخ بغداد أو مدينة السلام
- الذهبي :تاريخ الاسلام
- ابن الطقطقي : الفخري في الاداب السلطانية
- السيوطي : تاريخ الخلفاء (بةكوردیهةية) مێذووی خةليفةكانی ئيسلام
- ابن العبري :تاريخ مختصر الدول

***سەرچاوە سوود بەخشەکان (ژێدەرەکان)***

- محمد السيد :العصر الذهبي للدولة العباسية
- محمد سهيل الطقوش :تاريخ الدولة العباسية( بة كوردی هةية) ،ثوختةی مێذووی ئيسلامی
- فاروق عمر فوزي :الخلافة العباسية، العصور العباسية المتأخرة
- حسين أمين : تاريخ العراق في العصر السلجوقي

- أحمد مختار العبادي :في التاريخ العباسي والاندلسي
- خليل أبراهيم : تاريخ الدولة العربية الاسلامية في العصر العباسي
- عبدالعزيز الدوري: العصر العباسي الاول
- عبدالعزيز الدوري :دراسات في العصور العباسية المتأخرة
- حسن أحمد :العالم الاسلامي في العصر العباسي
- وفاء محمحد علي : الخلافغة العباسية في عهد التسلط البويهيين
- رشيد الجميلي :العصور العباسية المتأخرة
- عبدالمنعم رشاد : محاضرات في التاربخ العباسي
- كارل بروكلمان :تاريخ الشعوب الاسلامية
- السيد الباز العريني : المغول ( مةغؤلةكان )
- حسن إبراهيم حسن : تاريخ الاسلام السياسي والديني والثقافي والاجتماعي
- الصلابي : دولة المغول و التتار بين الانتشار و الانكسار
- يوسف العش : عةباسيةكان
- كامران علي ، ميَذووى دةولَةتى عةباسي


**گۆڤارەکان و ئینتەرنێت**

- **گۆڤاری ( المؤرخ العربی )**
- ***گۆڤاری ( مێژوو)***
- ***مکتبة مصطفی***
- ***مکتبة الاسکندریة***
- ***مکتبة الارشیف***

**تێبینی: خودی مامۆستا ساڵانە هەڵدەستی بەپێدانی دەیەها کتێی بەپی دی ئیف بە قوتابیان تایبەت بە بابەتەکە.**

| | |
|---|---|
| **17. بابەتەکان**<br>**یەکەکانی خوێندن:**<br>**هەفتەی یەکەم: تەوەرەی یەکەم: سەرهەڵدانی خەلافەتی عەباسی وهۆکارەکانی :**<br>**جیاکەرەوەکانی مێژووی خیلافەتی عەباسی**<br>**هۆکارەکانی سەرهەڵدان وڕیشە ومێژووی بانگەوازی عەباسی وقوناغەکانی**<br>**یەکەم خەلیفە أبوالعباس السفاح (132-136ک)**<br>**ووتارەکەی ،سیاسەتی ناوخۆ وهەڵوێستی بەرامبەر بەئومەویەکان و عەلەویەکان**<br>**سیاسەتی دەرەوە (ڕۆژهەلآت ، بێزەنتە )**<br>**هەفتەی دووەم**<br>**خەلیفە أبوجعفرالمنصور (136- 158ک)**<br>**بارودۆخی ناوخۆ وکێشەناوخۆیەکان ( راپەڕینی عبدالله بن علی) و (لەناوبردنی أبومسلم الخراسانی ) وکاریگەرەکەی .**<br>**بزاڤە نەیارەکان :(بها فرید) (سنباذ) (اسحاق تورك) (أشناس)(الراوندیة ) ( أستاذسیس )**<br>**هەڵوێستی بەرامبەر بە ڕاپەرینی (محمد النفس الذکیة )**<br>**هەفتەی سێ یەم**<br>**سیاسەتی دەرەکی : (خیلافەتی عەباسی پەیوەندی لەگەڵ** | **ناوی مامۆستای وانەبێژ: کەوسەر اسماعیل حسین** |

ئومەوی لە ڕۆژئاوا و ئەندەلوس )، (پەیوەندی لەگەل بیزنتە)

چاکسازیەکانی (کارەکان): دروستکردنی شاری بەغدا ،کارگێری ، دارایی

هەفتەی چوارەم:

**تەوەرەی دووەم : سەردەمی هەر دووخەلیفە المهدی والهادی**

یەکەم :**خەلیفە المهدی (158 – 169ك )**

بارودۆخی ناوخۆ وچاکسازیەکانی (کارگێری ، دارایی ، بیناسازی)

کێشە ناوخۆییەکان (لێدانی زەندەقەکان ) (شعوبیەت) (ڕاپەرینی المقنع) (ڕاپەرینی ئومەویەکان لە شام)( ڕاپەرینی خوارج)

پەیوەندیە دەرەکیەکان لەگەڵ (ئەندەلوس) (هیند) (بێزەنتە)

**هەفتەی پێنجەم:**

دووەم : **خەلیفە الهادی(169 -170ك)**

**سیاسەتەکەی**

**پەیوەندی لەگەڵ عەلەویەکان وسەرهەڵدانی** میرنشینی ئەداریسە **(172 – 364 یان 375 ك / 788 – 974 یان 985 ز ) تەوەرەی سێ یەم : سەردەمی خەلیفە (هارون الرشید) (الامین) (المأمون) (المعتصم)**

**یەکەم : سەردەمی هارون الرشید (170 – 193ك)**

**بارودۆخی ناوەخۆ (عەلەویەکان) (خوارج) (ووڵاتی شام) (ئەفریقیا) ودامەزرانی میرنشینی الاغالبە**(184 – 296 ك / 880 – 909 ز )

**لەگەڵ (ڕۆژهەڵات) (بەرامکە) (ڕاپەرینی رافع بن الليث) (ڕاپەرینی یەمەن) (لایەنی کارگێری)**

**پەیوەندیە دەرەکیەکان لەگەڵ : (بێزەنتە) (کارۆلنجیەکان) (هیند و چین)**

**دووەم : خەلیفە الامین (193 – 198ك)**

**جیاوازی وململانێ ی نێوان ئەمین ومأمون و هۆکارەکان وقوناغەکانی**

هەفتەی شەشەم :

**سێ یەم : سەردەمی خەلیفە المأمون (198 -218ك)**

**سیاسەتی ناوخۆی**

**(ڕاپەرینی بەغدا) (ڕاپەرینی عەلەویەکان) (ڕاپەرینەکانی جزیرە ومصر و شام)(بزاڤی بابك الخرمی) (بزاڤی الزط)**

**بزاڤی هزری و زانستی و وەرگێران (معتزلە وبیروڕاکانیان) (إخوان الصفاء وفەلسەفەکەیان)**

**پەیوەندی لەگەڵ بێزەنتە**

**هەفتەی حەوتەم :**

**چوارەم : سەردەمی المعتصم بالله (218 – 227ك)**

**دەرکەوتنی باڵادەستی تورك وگوڕانکاریەکان**

**بارودۆخی ناوەخۆ (بزافی الزط) (لەناوبردنی بزافی الخرمی) (ڕاپەرینەکان: العباس بن المأمون ، المازیار ، لەناوبردنی الافشین ، عەلەویەکان ، جعفر الکوردی) (المبرقع الیمانی ) (ڕاپەرینی دیمەشق)**

**پەیوەندی لەگەڵ بیزنتە**

**لایەنی کارگێری ، وەزارەت ، سوپا ، دروستکردنی شاری سامراء**

**هەفتەی هەشتەم: تەوەرەی چوارەم چاخی عەباسی دووەم (چاخی دەست ڕۆیشتووی تورک) ( 232 -334ك )**

**یەکەم : بارودۆخی ناوەخۆی دەوڵەتی عەباسی**

**خەلیفەکانی ئەم چاخە و ڕووداوەکانی**

**الواثق (227 -232ك) سیاسەتی ناوەخۆ و دەرەوە**

**المتوكل ( 232 – 247ك ) سیاسەتی ناوەخۆ – کارگێری ،دارایی ، ڕاپەرینەکان ، معتزلە ، پەیوەندی لەگەڵ بێزەنتە**

**المنتصربالله (247- 248ك)**

**المستعين (248 -252ك)**

**المعتز (252 -255ك)**

**المهتدی (255 -256ك)**

**المعتمدعلى الله (256 – 279ك)**

سەرهەڵدانی میرنشینی صەفاری ( 254 – 289 یان 298ك / 867 – 903 یان 911 ز) پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتی عەباسی

**هەفتەی نۆیەم :**

**بزوتنەوەی الزنج**

میرنشینی **طولونی**( 254 – 292 **ك** / 868 – 905 ز )

پەیوەندیە دەرەکیەکانی **بەتایبەتی لەگەل خیلافەتی عەباسی**

**المعتضدبالله (279 -289ك)**

**بزافی الاسماعيلية والقرامطة وکورتەیەك لە دا وسەرهەڵدان و مێژوو و دامەزراندنی خیلافەتی فاتیمی لە باکوری ئەفریقیا( 297-567ك/910-1171ز)**

**المكتفى بالله (289 -295ك)**

**المقتدر بالله (295 -320ك) و سەرهەڵدانی خیلافەتی فاتمی لەمەغریب ( 297ك/910ز)**

**القاهربالله (320 -322ك)**

میرنشینی ئەخشیدی ( 323- 358 ك / 935 – 969 ز )

دەرکەوتنیان

**پەیوەندیەکانی خیلافەت لەگەڵ میرنشینی ، (الاخشیدی)**

میرنشینی حەمدانی لە موسل ( 293 – 380 ك / 905 – 990 ز)

میرنشینی حەمدانی لە حەلەب (333 – 414 ك / 944 – 1021 ز )

سەرهەڵدان وپەیوەندیەکانی لەگەڵ دەوڵەتی عەباسی .

**هەفتەی دەیەم :**

**تەوەرەی پێنجەم : چاخی میری میران (324 – 334ک)**

**الراضي بالله ( 322 – 329ك )**

**المتقي لله ( 329 -333ك )**

**المستكفي بالله ( 333 – 334ك )**

تەوەرەی شەشەم : چاخی فەڵەمڕەوی بوەبهیەکان (334 – 447ك)

بوەیهیەکان ونەژادو دەرکەوتنیان

پەیوەندیان لەگەڵ خیلافەتی عەباسی وسیاسەتی میرەکانیان.

بارودۆخی سیاسی وئابوری عێراق لەو سەردەمەدا و

کەوتنیان و هۆکارەکانی و رۆلی عەیاریەکان و شوتارەکان

خەلیفەکانی ئەو ماوەیە :**المطيع لله** (334 – 363ك)

**الطائع لله** (363 -393ك)

**القادربالله** (393 – 422ك)

**القائم بأمرالله** ( 422 -467ك )

**هەفتەی یازدە:**

**تەوەرەی حەوتەم : چاخی دەست ڕۆیشتووی سەلجوقی تورکی**

**نەژادو هاتنیان بۆ بەغدا**

**سەردەمی سوڵتانە بەهێزەکان (طغرل بك447 -455ك) (ألب أرسلان 455 – 465ك) (ملكشاه 465 – 485ك)**

**بزافی بەساسیری**

**پەیوەندیەکانیان لەگەڵ خیلافەت**

**سەردەمی سوڵتانە لاوازەکانیان ململانێ ناوخۆیان وکەوتنیان**

**هەفتەی دوازدە: بارودۆخی ناوەخۆی خیلافەت تا سەردەمی خەلیفە المسترشد**

**سیاسەتی بەرامبەر بە سەلجوقیەکان**

**کورتەیەك لە جەنگی خاچدروشمەکان**

**ماوەی خیلافەتی الراشدبالله (529 – 530ك)**

**المقتفى بالله (530 – 555ك)**

**المستنجدبالله (555 – 566ك)**

**المستضيء بالله( 566 – 575ك )**

**بارودۆخی خیلافەت و دەرکەوتنی ئەتابەکیەکان**

**هەفتەی سێزدە:**

**تەوەرەی هەشتەم :سەردەمی بوژانەوەی کۆتایی وکەوتنی خیلافەت**

**خەلیفە الناصرلدين الله (575 – 622ك)**

**سیاسەتی ناوەخۆی**

**پەیوەندی لەگەڵ ئەیوبیەکان**

| | |
|---|---|
| **لەگەڵ خوارزمیەکان و میرنشینی خوارزمی**<br>**الظاهربأمرالله ( 622 – 623ك )**<br>**المستنصربالله ( 623 -640ك )**<br>**المستعصم بالله( 640 – 656ك )**<br>**هەفتەی چواردە :**<br>**مەغۆل و کەوتنی خەلافەت**<br>**داگیرکردنی بەغدا لەلایەن مەغۆل**<br>**کوشتنی المستعصم بالله**<br>**کەوتنی خیلافەت و هۆکارەکانی وئەنجامەکانی** | |
| 18. بابەتی پراکتیک (ئەگەر هەبێت) | **نیه** |

**19. تاقیکردنەوەکان**

**1. دارشتن:** لەم جۆرە تاقیکردنەوەیە پرسیارەکان زۆربەی بە وشەی وەک روون بکەوە چۆن...؟ هۆکارەکان چی بوون...؟ بۆچی...؟ چۆن...؟ دەستپێدەکات.
لەگەڵ وەڵامی نموونەییان، نموونە دەبێت دەستەبەربکرێت

ثرسیار و وةلآمی نموونةیی :

**پ1/ ئەو ئاگادارکردنەوە و بەڵێنانەچی بوون،کەأبوالعباس السفاح لە ووتاری راگەیاندنی خیلافەتی عەباسی بە خەڵکی کوفەی دا.**

**وەڵام/ گرنگترین ئەو خالانەی کە لە وتارەکەدا ئاماژەی پێدا ئەمانەن:-**

1) **ئەوان واتا خۆیان ( هاشمیەکان ) بەمافی شەرعی خۆیان هەڵساون بۆ موسڵمانان لەبەر نزیکیان و خزمایەتیان لە پێغەمبەر ( د.خ )، و هەروەها ویستیان داد پەروەرو بەوەفابن بەرامبەر بە خەڵکی عێراق و خوراسان بەهۆی بەهۆی ستەمی ئەیوبیەکان و مافەکانیان پیٚ بدەنەوە.**
2) **شۆرشی عەباسی هەڵگیرساوە لە پێناو پیادەکردنی بنەماکانی ئاینی ئیسلام و رایان گەیاند پابەندی خۆیان بە کتێبی خوداو سوننەتی پێغەمبەر ( د.خ ) لە حکومرانی کردن دا.**
3) **ئەوان خزمی پێغەمبەرن ( د.خ ) و رۆڵەو نەوەی مامی ئەون، لەبەر ئەوە ئەوان لە پێشترن لەخەڵکی تر بەحکومرانی کردن و دەسەڵات، چونکە لە ( ال البیت )ن.**
4) **خەلیفە ابو العباس پەیمانی بە خەڵکی عێراق بەتایبەتی کوفە دا بەزیادکردنی بەخشی 100 درهەم بۆیان و روونی کردەوە سەرکەوتنی عەباسیەکان سەرکەوتنی عێراقیەکان بووە بەسەر شامیەکان، ئەمەش تا سوود لە دەمارگیری هەرێمی و ناوچەی وەربگرن.**
5) **سەرکۆنە کردن و ئیدانەکردنی سیاسەتی ئومەویەکان و ستەم کردنیان لە خەڵك.**
6) **ئاگادارکردنەوەی خەڵك لە چونە پاڵ هەر بزاڤێکی نەیارو بەرهەڵستکاری کە پاڵپشتی خەڵکی کوفە بکات.**

**دیارە ووتارەکەشی تەواو نەکرد ئەوە بەهۆی ئەوەی ناساغ بووە بۆیە مامی ( داودین علی ) ووتارەکە تەواو دەکات.**

**گوایە ابو العباس خۆی خۆی وەسفی خۆی دەکات کە بە ( خوێن رێژی شیاو تەواو و هەڵچوویەکی فەتێنەرو وێرانکار )، بەڵام مێژوونووسان بە پیاوێکی نەرم و نیان و بەرێز و بەشەرم و ژیر و لێبوردەو سەخی و بەرەوشت وەسفی دەکەن، هەرچی ناونانیشی بە ( السفاح ) دەلێن دەگەرێتەوە بۆ رێز و بەخشینی و یان خوێن رێژیەکەی، بەڵام لە راستیدا زیادەرۆیی کراوە لە خوێن رێژی بەڵکو راستیەکەی مامی ( عبدالله بن علی ) ئەو خاوەنی ئەو نازناوەیە و مێژوونووسان لێیان تێکەڵ بووە بۆیە ئەوە لە أبو العباس دەلێن.**

**أبو العباس و عەباسیەکان دڵنیانەبوون لە خەڵکی کوفە و نیشتەجیٚ بوون لەوێدا، چونکە زۆرینەی دانیشتوانی پاڵپشتی شۆرشی عەباسی نەبوون، چونکە لەلایەن گرانی شیعە ( علی بن أبی طالب ) ( ر.خ ) بوون، بۆیە أبو العباس پایتەختەکەی گواستەوە بۆ ناوچەی هاشمیەی نزیك کوفە، پاشان بۆ ( الحیرة ) پاشان لە ساڵی 134ك بۆ ئەنبار لە باکوری کوفە و لەوێدا شارێکی بنیادنا کە ئەویش ناونرا بە ( الهاشمیة )ی ئەنبار و لەوێدا دەمێنێتەوە تا کۆچی دوایی کردنی لە ساڵی 136ك.**

**پ2 / گرنگترین ئەو هۆکارانە شیبکەرەوە کە بوونە مایەی لاوازبوون و دواتر کەوتنی بوەیهیەکان؟**

**وەڵام :**

**1- بنەماڵەی بوەیهیەکان ومیرەکانیان دابە شبوون بە سەر هەرێمە جیاوازەکان کە ملکە چی دە سەڵاتیان بوون ،ئەمەش هۆکارێکی کاریگەر بوو بۆ رووخان وداتە پینی دەوڵەتەکەیان کە کوتلە ونامەرکەزیەت لەنێوان هێزەکانیان لە بەغدا وشیراز و رەی ئەمەش وایکرد دەوڵەتێکی یەکگرتوو درو ست نەبێ، بەتایبەتی لە سەردەمی دوا میریان ( الملك الرحيم) 440-447ك ناکۆکی یەکی سەربازی لەنێوان هەر حەوت برا دا روویدا لە پێنو زاڵبوون بە سەر شارەکانی عێراق و وولاتی فارس ئەمەش بوویە دەرفەتێك بۆ خەلیفەقائم تابانگهێشتی طغرول بك بکات بێت بۆ ناو بەغدا دەربازیان بکات لە ئاژاوە سیاسی و کارگێریە .**

**2- پێکهاتەی سوپا کە دیلەمەکان وتورکەکان بوون هۆکاری بەهێزبوون بوون لەدەرکەوتنیان و هۆکاری لاوازی وکەوتنیشیان بوون کەسیاسەتێکی هاوسەنگیان نەبوویەرامبەر سوپا ئەمەش وایکرد چەندین هەڵگەڕانەوەی لێبکەوێتەوە، بۆیە لە کۆتایی یەکاندا میرەکان سیاسەتی ڕازی کردنی سەرکردەسەربازیەکانیان پەیرەودەکرد بە پارە ئەمەش خرا پی دارایی و ئابوری لێکەوتەوە .**

**3- سیاسەتی مەزهەبی وتایفەگەری کە زۆر جار لایەنگیری تایفەیەکیان دەکرد دژ بەتایفەیەکی تر .**

**4- خرا پی ڕەو شی دارایی و ئابوری :بەهۆی سیا سەتی دە ستبە سەرداگرتن و دە ستەبەریکردن وزامنکردن ، بەتایبەتی دە ستگرتن بە سەر دارایی وەزیرەکان دوای لەکارلادانیان ئەمەش وایکرد کە وەزیرەکان باجی زیاتر لەخەڵك وەربگرن ولە شوێنی شاراوە حەشاری بدەن بۆ داهاتوویان .وسیا سەتی دە ستەبەریکردن پێدانی هەرێمێك یان ناوچەیەك بە سەرکردەیەکی سەربازی بوویەرامبەر بە پێدانی رێژەیەکی دارایی ساڵان بە گە نجینەی مەرکەزی ئەمەش لەکاتی کورتهێنانی گە نجینە بوو ،بەڵام سیاسەتەش بارودۆخەکەی چاك نە کرد بەڵکو بەرەو خرا پترچوو .**

**5 -میرەکانی بوەیهیەکان سیاسەتی هەرێمایەتیان پەیرەودەکرد ئەمەش وایکردبووداببڕێ لەبەشەکەی تری جیهانی ئیسلامی وخەلافەتی عەباسی کەزیاتر لەرەی وهەرێمی چیا و فارس و ئەهواز و عێراق بوون .وبایەخیان بە جیهاد نەدەدا بەتایبەتی دژب بە بیزنتیەکان بەمەش بوون بەمایەی رِق لێ بوونەوەی موسلمانان بەگشتی.**

پ3/ هۆکاری دەرکەوتنی زەندەقە؟

**وەڵام/** هۆکاری دەرکەوتنیان :-

بەهۆی ئازادی ئاینی بوو لەسەردەمی عەباسی دوای فەتح کردنی ناوچەکان، دواتر جۆرێك لە ململانێی هۆزەکان و بیروباوەرەکان لە کۆمەڵگا دروست بوو، پاشان بوو بەمایەی دەرکەوتنی گروپ و کۆمەڵەی جیا لە هزرمەندانی فارس کە ئاواتەخوازبوون بۆ گێرانەوەی شارستانیەتی ساسانی و جێبەجێ کردنی سیستەم و بەهاکانی لە کۆمەڵگە و کارگێری بەڕێوەبردن و دەربار، بەو مانایەی کە جێگیربێت بۆ شارستانیەتی ئیسلامی بەتایەتی کاتێ هەستیان کرد بەبڵاوکردنەوەی ئاینی مانی لەناوکۆمەڵگەی ئیسلامی وە زیندوکردنەوەی کلتوری مانەوەی کۆن، لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی کتێبە کۆنەکان و وەرگێرانیان لە فارسی بۆ عەرەبی تا رۆشەنبیری و هزری مانەوی شوێنی رۆشەنبیری و هزری ئیسلامی بگرێتەوە.

**پ4/ بەکورتی گرنگترین ئە نجامەکانی کەوتنی بەغدا بەدەستی مەغۆل لەساڵی 656ك روون بکەرەوە؟**

**1 -لەناوچوونی پایەو پێگەی ئاینی بەغدا : چونکە بەغدا پایتەختی خەلافەتی عەباسی و دروشمی مەرکەزی ئاینی هەموو دەوڵەت ئیسلامیەکان و موسلمانان بوو ودوور و نزیك کاریگەری لەسەر موسلمانان هەبوو .**

**2- بەکەوتنی خەلافەتی عەبا سی بەغدا پایەی سیا سی خۆی لەدە ستدا :بەر لەکەوتنی بەغدا مەڵبەندی چاڵاکی سیا سی بوو کە لەهەموو لایەك نوێنەر و وفد وفەرمانڕەواکان ومیرە موسلمان ونامو‌سلمان دەهاتنە بەغدا ،بەڵام دوای کەوتنی ببوبە شارێکی لاوەکی وشاری تر لەلایەن هۆلاکۆ بوویە مەرکەز وەکو مراغە وتبرێز و ئازربیجان .**

**3- بەر لەکەوتن بە غدا مەڵبە ندێکی گرنگی شارستانیەت بوو لە هەمولا یە نە جیاجیاکان وەکو زانستەکان و ئەدەب و هونەر و شوێنی بەیەکگەیشتنی زاناکان وقوتابیان بوو،بەڵام کاتێ کەوت بەدەستی مەغۆل شارستانیەتی خۆی فقیهی لەدەستداو پایە رۆشنبیریەکەی نەما .**

**4- بەکەوتنی بەغدا پایەی روحی خەلافەت نەما کە موسلما نمان کاریگەربوون پێیەوەی ،چونکە پێگەی پێشەوایەتی کردنی موسلمانان بە بەتاڵی مایەوە.**

5- لەئە نجامە گرنگەکان وێرانکردنی ژێرخانی ئابوری دەوڵەتی ئیسلامی بوو، جونکە بەهاتنی مەغۆل دزی و تاڵان و کوشتن و بڵاوبووە ئەمەش زیانێکی گەورەی بەژیانی ئابوری گەیاند .

تێبینی :بۆ بابەتە مێژووییەکان زۆر ئەستەمە پرسیار بەشێوەی راست و چەوت بهێنینەوە یان هەڵبژاردن ، تەنها شێوەی پرسیاری بۆشیای دەکرێ بۆ نموونە :

**ئەم بۆشاییانەی خوارەوە تەواو بکە.**

1 – **دیوانی الأزمة ئەو دیوانەیە ...کەسەرپەرشتی هەموودیوانەبچووکەکان دەکات .کەخەلیفە المهدی. دا یمەزراند.**

2 – **قوتابخانەی النظامية لەلایەن نظام الملك و لەساڵی 457ك..لەبەغدا بنیادنرا.**

3 – **أبی هاشم لەکاتی نەخۆش کەوتنی وەسیەتنامەیەك دەدات بە ..محمد علی ..بەناوی** الصحيفة الصفراء **ئەمەش بوو بە بیانووی شەرعیەت بوونی دەسەڵات بۆعەباسیەکان .**

4 – **لەسەرکردە تورکەکان کەلەچاخی عەباسی دووەم دەرکەوتن،ئەوانەش أ- ..بغای گەورە.ب -ئەفشین ج-بغای بچووك..........د .ایتاخ..........هتد**

5 – **خەلیفە أبو العباس السفاح أبو سلمە ی الخلال کرد بەیەکەم وەزیری خۆی و نازناوی .وزیر ال محمد ی پێبەخشی .**

6 – **بزوتنەوەی زەنج لەساڵی.270ك. لەسەر دەستی سەرکردەی عەباسی الموفق. کۆتایی پێهات .**

7 – **خەلیفە ..هارون الرشید پایەی دادوەری دادوەرەکانی ( قاضي القضاة ) لەخیلافەتی عەباسی داهێنا .**

**2. راست وچەوت:** لەم جۆرە تاقیکردنەوەیە رستەیەکی کورت دەربارەی بابەتێک دەستەبەردەکرێت وپاشان قوتابی بە ڕاست یان چەوت دادەنێت. نموونە دەبێت دەستەبەربکرێت.

**3. بژاردەی زۆر:** لەم جۆرە تاقیکردنەوەیە ژمارەیەک دەستەواژە دەستەبەردەکرێت لە ژێر رستەیەک وپاشان قوتابیان دەستەواژەی راست هەڵدەبژێرێت. نموونە دەبێت دەستەبەربکرێت.

**20. تێبینی تر**

لێرە مامۆستای وانەبێژ دەتوانێت تێبین وکۆمەنتی خۆی بنوسێت بۆ دەوڵەمەندکردنی پەرتووکەکەی.

## 21. پێداچوونەوەی هاوەڵ

ئەم کۆرسبووکە دەبێت لەلایەن هاوەڵێکی ئەکادیمیەوە سەیر بکرێت و ناوەڕۆکی بابەتەکانی کۆرسەکە پەسەند بکات و چەند وشەیەک بنووسێت لەسەر شیاوی ناوەڕۆکی کۆرسەکە و واژووی لەسەر بکات.

هاوەڵ ئەو کەسەیە کە زانیاری هەبێت لەسەر کۆرسەکە و دەبیت پلەی زانستی لە مامۆستا کەمتر نەبێت.